

لە ئەبخازیا پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان دەگریێن..

# "وەک تیپی مۆندیال پێشوازی لە هەڵبژاردەی کوردستان کرا"

**سەفین تەها و سامان وڵاتژێری**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان لە ئەبخازیاوە، کە ئێستا بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی کۆنیفا لەوێن، بەسەرهاتی خۆیان بەتایبەت بۆ (رووداوی وەرزشی) دەگێڕنەوە. گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی کوردستان دەڵێت «وەک تیپێکی مۆندیال پێشوازی لە هەڵبژاردەی کوردستان کرا». یاریزانێکیش دەڵێت «کە ئاڵای کوردستانم بەرزکردەوە قورگم پڕ بوو لە گریان».

سەرهەنگ موحسین، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «هێندە بە رێز و بە گەورەیی پێشوازیمان لێکرا وەک ئەوەی پێشوازی لە هەڵبژاردەیەکی مۆندیال بکرێت. بەڕاستی پێشتر چەندین گەشتم لەگەڵ هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق کردووە، قەت بەو شێوە جوانە پێشوازیمان لێنەکراوە». گۆڵپارێزەکەی کوردستان باسی ئەو کێشانەش بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات کە لەو وڵاتەدا رووبەڕووی یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان بوونەتەوەو دەڵێت «گەورەترین کێشەی ئێمە لەوێ بەزەحمەت دەستکەوتنی خواردنی حەڵاڵە».

میران خەسرۆ، ئەستێرەی هەڵبژاردەی کوردستانیش باس لەوە دەکات کە چۆن سروودی ئەی رەقیب و ئاڵای کوردستان گریاندوویەتی. فەرهەنگ وریا، خاوەنی یەکەم گۆڵی هەڵبژاردەی کوردستانیش لەم پاڵەوانیەتییەدا، گۆڵەکەی پێشکەشی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان دەکات.

لەو بارەوە راپۆرتێک لە لاپەرە 2 بخوێنەوە.

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (402) سێشەممە 2016/5/31 10ی جۆزەردان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

مەدریدییەکان دەستیان بەسەر هەموو ئەوروپادا گرت..

# پاشاکانی ئەوروپا

"ئەوروپییەکان دەڵێن گلاتینبێرگی ناوبژیوان نازناوەکەی بە رامۆس بەخشی"

3 »

هەموو شتێک لەبارەی کۆپا ئەمریکاوە 6




"مۆرینیۆ.. پیاوی خیانەت و کوشتنی یاری جوان"

4 »



## ڕادەکات

هەرچەندە ئیدارەی یانەی بارسێلۆنا و خودی خافێر ماسکیرانۆش هەواڵی ڕۆیشتنی ئەو یاریزانە ئەرجەنتینییە بۆ یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی ڕەتدەکەنەوە، بەڵام چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیتاڵی ئاشکرایدەکەن کە هۆکارێک ماسکیرانۆ ناچاردەکات بچێتە یوڤانتۆس و دەڵێن «ماسکی پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوێکی تازە بهاوێت و لە بارسا دووردەکەوێتەوە. هۆکاری ئەو بیرکردنەوەی ماسکیرانۆش بۆ ئەگەری بەندکردنی ناوبراو دەگەڕێتەوە، بۆ ماوەی ساڵێک لەلایەن دادگایەکی ئیسپانییەوە، ئەگەر هیچ بەڵگەیەک هەبێت لەسەر ئەوەی خۆی لە دانی باج دزیبێتەوە. بۆیە دەیەوێ بە زووترین کات لە ئیسپانیا رابکات».

## لەدوای فیناڵی چامپیۆنسلیگ..

# مەدریدییەکان شای ئەوروپان



«کاریگەرترین یاریزانی ڕیال مەدرید لە بردنەوەی نازناوی ئەوروپا ناڤاس بوو نەک کریس و بەیڵ»

«ڕۆناڵدۆ لەدوای یارییەکە زۆر جنێوی داوە، بەڵام نەزانراوە ئەو جنێوانەی بۆ کێ بووە»

«گاری لینیکەر لە پەخشی ڕاستەوخۆدا جنێو بە پیپێ دەدات»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ، لەنێوان هەردوو یانەکەی مەدرید، ئەتلەتیکۆ مەدرید و ڕیال مەدرید لە یاریگەی سانسیرۆ، لە شاری میلانی ئیتاڵی ئەنجامدراو لە کۆتاییدا یاریزانانی ڕیال مەدرید بە سەرۆکایەتی زەینەدین زێدانی ڕاهێنەر، براوە بوون و ژمارەی نازناوە ئەوروپییەکانیان کردە 11 نازناو و سەلمانیدان کە بێجگە لە ئیسپانیا شای ئەوروپاشن. لەم ڕاپۆرتەدا، چەند نهێنی، زانیاری، بەسەرهات و ئاماری یارییەکە و دوای یارییەکە دەخەینەڕوو:

- سێرجیۆ ڕامۆس بووە یەکەم بەرگریکار لە مێژووی چامپیۆنسلیگدا لە دوو یاری فیناڵدا گۆڵ تۆمار بکات.
- ڕیال مەدرید لەنێو هەموو یانەکانی ئەوروپادا زۆرترین یاری لە چامپیۆنسلیگدا ئەنجامداوە، کە ژمارەین 398 یارییەو 238 یاری بردووەتەوە.
- ڕیال مەدرید لەسەر ئاستی ئەوروپاو جیهاندا 1110 گۆڵی تۆمارکردووە، کە 874 گۆڵی لە چامپیۆنسلیگ بووە. 545 گۆڵیشی لێبووە، کە 425 لەو گۆڵانە لە چامپیۆنسلیگ بوونە.
- ڕیال مەدرید 15 یاری لە میلان کردووە، 10 یاری دۆڕاوە، 4 یاری یەکسان بووەو تەنیا جارێک براوە بووە.
- ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕایگەیاند کە یەکێک لە دیاردە سەیرەکانی یارییەکە بەشداری نەکردنی یاریزانی ژمارە 10 بوو لە هەردوو یانە. جیمس ڕۆدریگز لە ڕیال مەدرید و ئۆلیڤەر تۆرێس لە ئەتلەتیکۆ مەدرید.
- ئەوانەی پسپۆڕن لە خوێندنەوەی جوولەی لێوەکان، دووپات دەکەنەوە کە دوای تەواوبوونی کاتی یاسایی یارییەکە، ڕۆناڵدۆ چەندین جنێو و قسەی ناشیرینی لەدەم دەرچووە، بەڵام نازانن بە ئاراستەی کێ بووە، تەنیا دڵنیان لەوەی بەهۆی ئەوەبووە کە خۆی و هاوڕێکانی نەیانتوانیوە لە 90 خولەکدا یارییەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەکلاییبکەنەوە.
- ژمارەکانی کیلۆر ناڤاسی گۆڵپارێزی ڕیال مەدرید ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە ئەو کاریگەرترین یاریزانی ڕیال مەدرید بووە بۆ بردنەوەی نازناوەکە، نەک ڕۆناڵدۆ یان بەیڵ، چونکە لە کۆی 37 لێدان کە ئاراستەی نێو هەرسێ ستوونی گۆڵەکەی کراون، 34 لێدانی گەڕاندووەتەوە.
- کۆکی یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید لەو یارییەدا لە یاریزانانی هەردوو تیپ زیاتر ڕایکرد، کە 14.4 کیلۆمەتر ڕایکرد بوو.
- بۆ شەشەم یارییە بەسەریەکەوە ڕۆناڵدۆ ناتوانێت گۆڵ لە ئەتلەتیکۆ مەدرید بکات، هەرچەندە پێشتر 15 گۆڵی لەو یانەیە کردووە، کە دوایین گۆڵی لە تۆڕی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە 2015/1/15 بووە.
- سەرەڕای ئەوەی لە یارییەکدا کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئاستێکی باشی پێشکەش نەکرد، بەڵام ئامارەکانی لە چامپیۆنسلیگدا سەرسەڕهێنەر بوون، کە لە 10 یارییدا 69 تۆپی ئاراستەی گۆڵی تیپەکانی بەرامبەر کردو 16 گۆڵی تۆمارکرد. هەروەها خاوەنی 4 ئەسیست بوو، 11 گۆڵی لەنێو سانتیاگۆ برنابیۆ بوو، 5 گۆڵیشی لە دەرەوەی یاریگەی برنابیۆ بووە.
- هاندەرانی یانەی میلانی ئیتاڵی، کە یارییەکە لەنێو یاریگەی خۆیان ئەنجامدرا، ببوونە هاندەری ئەتلەتیکۆ مەدرید، بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان یانەکەیان و ڕیال مەدرید لە ڕووی بردنەوەی زۆرترین نازناوی چامپیۆنسلیگ زیاتر نەبێت، کە ڕیال مەدرید 10 نازناوی هەبوو، لەدوای ئەویش میلان خاوەنی 7 نازناوە. هەروەها کرێکارانی سانسیرۆ گرووپێکیان پێکهێنابوو بۆ هاندانی تایبەتی فێرناندۆ تۆرێس، کە پێشتر یاری بۆ میلان کردووە.
- یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین لێدوانەکانی تایبەت بەو یارییە، قسەکانی گاری لینیکەری هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بوون، کە لە کاتی شرۆڤەکردنی یارییەکە لە کەناڵی سکای سپۆرت، لە پەخشی ڕاستەوخۆ، چەندین جنێو و قسەی ناشیرینی بە پیپێی بەرگریکاری ڕیال مەدرید گوت. ئەو کە قسەکانی چاوەڕواننەکراو بوون، گوتی «بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی پیپێ پیاوێکی گەمژەیە، ئاستی یاریکردنی ئەو زۆر نزمە، شایەنی ئەوە نییە بۆ یانەیەکی وەک ڕیال مەدرید یاری بکات».
- تۆنی کرووسی یاریزانی ئەڵمانی ڕێژەی دروستی پاسەکانی لەو یارییەدا گەیشتە 91 %. هەروەها بەدرێژایی پاڵەوانیەتییەکە 75 دەرفەتی بۆ هاوڕێکانی دروستکردووە، کە لەو ڕووەوە هاوشان بوو لەگەڵ کۆکیی یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید.
- سەرەڕای ئەوەی مارک گلاتینبێرگی ناوبژیوانی یارییەکە خاوەنی ناوبانگێکی زۆرە لەسەر ئاستی ئەوروپا، بەڵام ئەوروپییەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەوە تۆمەتباریانکرد، کە ڕیال مەدریدی خۆشدەوێت و ئەو هۆکاری بێبەشکردنی ئەتلەتیکۆ مەدرید بوو لە بردنەوەی جامەکە. چونکە پێیانوابوو، لێدانێکی سزای بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید نەگرت لەدژی سێرجیۆ ڕامۆس، هەروەها ئەو یاریزانە بە ئۆفسایدی گۆڵەکەی ڕیال مەدریدی تۆمارکرد، بێجگە لەوەش بە قسەی ئەو هاندەرانە دەبووایە ڕامۆس لەو یارییەدا بە کارتی سوور دەربکرێت.
- ئەو پێکهاتەی ڕیال مەدرید یاری پێکرد، تێکڕایی تەمەنی یاریزانەکانی 28.5 ساڵ بوو، درێژی یاریزانانی 1.82 سانتیمەتر بوو، کێشی یاریزانەکانیشی 76.2 کیلۆگرام بوو. هەرچی تێکڕایی تەمەنی پێکهاتەکەی ئەتلەتیکۆ مەدریدە 28 ساڵ بوو، درێژی یاریزانانی 1.82 سانتیمەتر بوو، کێشی یاریزانەکانیشی 73.8 کیلۆگرام بوو.
- ڕیال مەدرید داوایکرد فریزی یاریگەکە 3 جار ئاوبدرێت، دووجار بەر لە یارییەکە و جارێکیش لە پشووی نێوان دوو گێمەکە، بۆ ئەوەی فریزەکە تەڕ بێت و یاریزانانی بەئاسانی تۆپەکە بگوازنەوە. بەڵام ئەتلەتیکۆ مەدرید داوایکرد یاریگەکە تەنیا جارێک بەر لە دەستپێکردنی یارییەکە ئاوبدرێت و یویفاش هەر ئەوەی کرد.
- مارکۆ ماتیرازی بەرگریکاری ئیتاڵی سەرەڕای ڕووداوە مێژووییەکەی نێوان خۆی و زێدان، کە لە یاری کۆتایی مۆندیالی 2006 بە کەللە لێیدا، بەر لە یارییەکە ڕایگەیاند «من هاندەری زێدانم لە ڕقی سیمیۆنی». هۆکاری ئەو ڕقلێبوونەوەیشی بۆ ساڵی 2002 دەگەڕێتەوە، کە ئەو کات سیمیۆنی یاری بۆ یانەی لازیۆی ئیتاڵی دەکرد و لە دوایین گەڕی کالچیۆدا لازیۆ لە ئینتەرمیلانی بردەوەو بەو هۆیەوە نازناوی خولەکە لە ئینتەرمیلانەوە چووە دەست یوڤانتۆس.

## یادگارییەکی یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ..

# درۆگبا چی بە بایرن و ڕۆبن دەکات



**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL**

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی چەند برگەیەکی کتێبەکەی دیدیێ درۆگبای یاریزانی ئیڤواری لەبارەی یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگی 2012 بڵاوکردووەتەوە، کە چێڵسی بە سەرکردایەتی ڕاهێنەری ئیتاڵی ڕۆبێرتۆ دی ماتیۆ توانی نازناوەکە بباتەوە.

درۆگبا، یادگارییەکی خۆی لە یاری فیناڵ بەرامبەر بایرن میونشنی ئەڵمانی دەگێڕێتەوە «یاریزانەکان بەشێوەیەکی نایاب بەرپرسیاریەتیان لەئەستۆ گرت، لەنێوان هەردوو گێمدا ڕاهێنەر بە ئیڤانۆڤیچی گوت وەک دڵی بەرگری یاری بکە، بەڵام بۆسینگوا قسەکەی پێبڕی و گوتی من وەک دڵی بەرگری یاریدەکەم». درۆگبا دەڵێت «ئەوکات لەبیرمە گوتم لە باڵی چەپ یاریدەکەم ئەگەر ناچاربووین، ئێمە پێویستمان بە هێرشبەر نییەو من وەک سەرەڕم و باڵی چەپ یاری دەکەم».

بایرن لە 10 خولەکی کۆتایی لە ڕێگەی تۆماس مۆلەرەوە پێشکەوت، بەڵام درۆگبای پێش تەواوبوونی یارییەکە گۆڵی یەکسانبوونی تۆمارکرد، یارییەکە گەیشتە کاتی زیادکراو، کە ڕۆبن لێدانێکی سزای گۆڵ نەکردو یارییەکە بە لێدانەکانی یەکلاییکردنەوە لە خاڵی سزا بە بردنەوەی چێڵسی کۆتایی هات.

فیلی ئیڤواری، لە بارەی ئەو یارییەوە، لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی «دوای ئەوەی گۆڵیان تۆمارکرد تۆپەکەم هەڵگرت و لە ناوەڕاستی یاریگە دامناو لەبەرخۆمەوە دەمگوت نا نا نا.. ماتا قسەی لەگەڵ کردم و گوتی نا دیدیێ.. دەبێت باوەڕت هەبێت دەبێت، ئێمە دەیقەومێنین». درۆگبای دەشڵێت «بەر لەوەی ماتا ئەو کۆڕنەرە لێبدات کە گۆڵی یەکسانبوونم تۆمارکرد، گوێم لە دێڤید لویز بوو بە شڤاینشتایگەری دەگوت تەنیا سەیرکە ئێمە ئێستا گۆڵ دەکەین، هەر ئەوەش ڕوویدا». ئینجا دەڵێت «کە لێدانی سزایان بۆ هەژمارکرا من و لامپارد چووینە لای ئارێن ڕۆبن کە لێدانەکەی جێبەجێ دەکردو پێمانگوت تۆ پێشتر یاریزانی چێڵسی بووی ناتوانی ئەوەمان لەگەڵ بکەی.. بەهەر حاڵ ئێمە دەزانین تۆپەکە بۆ کوێ دەهاوێژی. بە دڵنیاییەوە توانیمان سەری لێبشێوێنین، چونکە لێدانەکەی زۆر بێهێز بوو.. لە ئاسایی بێهێزتر بوو و پیتەر چیک تۆپەکەی گەڕاندەوە».

## «میلان بەهۆی ڕەوشتی یاریزانەکانی ناگاتە چامپیۆنسلیگ»

# ئەبیاتی: گاتوسۆ لەگەڵمان بووایە بە چەقۆ لە باکای دەدا



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

گۆڵپارێزی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، هۆکاری نەگەیشتنی یانەکەیان بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بۆ لاساری و ڕەوشتخراپی هەندێک لە یاریزانە هاوڕێکانی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت «ئەگەر گاتوسۆ لەگەڵمان بووایە بە چەقۆ لە باکای دەدات».

کریستیان ئەبیاتی، کە لەم ڕۆژانەدا وازهێنانی خۆی لە یاریکردن ڕاگەیاند باسی ئەو ڕووداوە دەکات کە کارلۆس باکای هێرشبەری کۆلۆمبی دوای گۆڕینی لەلایەن ڕاهێنەرەوە بە تووڕەیی یاریگەی جیهێشت و دەڵێت «هەندێک لە یاریزانانی میلان ڕەوشتیان باش نییە، هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە میلان ناتوانێت بلیتێکی چامپیۆنسلیگ بەدەستبێنێت، 5 لە یاریزانەکانی بەقسەی کەس ناکەن و گاڵتە بە ڕێنماییەکان دەکەن». ئەو گۆڵپارێزە گوتیشی «میلان پێویستی بە یاریزانی وەک ماڵدینی، کۆستا کورتا و گاتوسو هەیە. ئەگەر گاتوسۆمان لەگەڵدا بووایە، چەقۆی بۆ باکا بەرز دەکردەوە، کەچی ئێستا کەس ڕەخنەی لێنەگرت و پێینەگوت بۆ ئەو ڕەفتارە ناشیرینە دەکەی، کە لەگەڵ ناوبانگی میلان ناگونجێت».


KOREK Telecom



ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com

411



## ئومێدی بە ئومێد

بارزان سەعید

دوای ئەوەی ئومێدی پاڵەوانی کوردی لەشجوانی، کە دانیشتووی وڵاتی یۆنانە، ڕۆژی 2015/5/22 توانی نازناوی پاڵەوانیەتی لەشجوانی یۆنان لە کێشی 75 کیلۆگرامی لە شاری کریتی بەدەستبێنێت، ئێستا بە ئومێدەوە دەڕوانێتە نازناوی پاڵەوانیەتییەکی دیکە، کە بڕیارە ڕۆژی 2016/6/5 لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەڕێوەبچێت. ئومێد، کە خەڵکی شاروچکەی قەڵادزێی باشووری کوردستانەو لە ماوەی نێوان ساڵانی 2013 تاوەکو 2015 چەندین دەستکەوتی بەدەستهێناوە، لەبارەی پاڵەوانیەتی ئەسیناوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «خۆم زۆر بەباشی بۆ ئەو پاڵەوانیەتییە ئامادە دەکەم، ئومێدەوارم ئەنجامێکی گەورە بەدەستبێنم».

### وەک هەڵبژاردەیەکی مۆندیال پێشوازی لە هەڵبژاردەی کوردستان کرا..



**میران خەسرۆ:** لە کاتی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان قورگم پڕ گریان بوو

# بەسەرهاتی یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان لە ئەبخازیا

سەفین تەها و سامان وڵاتزێری
تایبەت بە رووداوی وەرزشی

یاریزانەکانی هەڵبژاردەی کوردستان چیرۆکی گەیشتنی هەڵبژاردەکە بە هەرێمی ئەبخازیا دەگێڕنەوەوە، هەندێک لە یاریزانەکان بوونەتە چێشتلێنەر و هەندێکی دیکەش تووشی سووتانەوەی پێست بوون، هەندێک یاریزان بەهۆی پەرۆشیان بۆ ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب قورگیان پڕ بووە لە گریان و بەشێکی دیکەی یاریزانەکانیش باسی تەکتیکی یاریکردنی هەڵبژاردەکەیان دەکەن لە یەکەم یارییاندا بەرامبەر بە هەرێمی سیزیکلاند.

### سەرهەنگ سەرسامە

سەرهەنگی گۆڵپارێزی یەکەمی هەڵبژاردەکە بەمشێوەیە بۆ قسەی بۆ (رووداوی وەرزشی) کرد و گوتی «گەشتەکەی کوردستان لەوانەی عێراق ڕێکوپێکتربوو. هەستێکی زۆر خۆشمان هەبوو ئەو کاتەی کە بە فڕۆکەیەکی تایبەت گەیشتینە ئەبخازیا و ئەو پێشوازییە گەرمەی لە ئێمە کرا، دەتوانم بڵێم ئەوکاتەی کە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقیش دەچووینە گەشتەکان بەو شێوەیە پێشوازیان لێنەکردبووین، بەڕاستی شتێکی زۆر جیهانی بوو وەک هەڵبژاردەیەک کە بەشداری جامی جیهانی دەکات پێشوازییان لێکردنین».

### هەندێک یاریزان بوونەتە چێشتلێنەر

سەرهەنگ موحسین، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کێشەی گەورەی ئەوان لە ئەبخازیا خواردن بوو «هەندێک یاریزان لە یەکەم ڕۆژدا تەنیا سەموون و چایان خوارد، چونکە ئێمە بەدوای خواردنی حەڵاڵدا دەگەڕاین و مافی هەموو هەڵبژاردەیەکیشە کە داوا بکات خواردنی تایبەتی وڵاتەکەی خۆی بخوا، سەرەتا ئەوان نەیاندەزانی ئێمە چ جۆرە خواردنێک دەخۆین، بەڵام لە ڕۆژی دووەمدا داواکارییەکانیان جێبەجێکردین، بەڵام برنجەکە خراپ بوو، لە ڕۆژی سێیەمدا یاریزانێکی خۆمان راسپارد کە برنجەکە لێبنێت و ئەوەیان باشتربوو، گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە درەنگ نۆرەمان دێت کە بچین بۆ ڕێستورانت، چونکە پێش ئێمە هەڵبژاردەکانی دیکە نان دەخۆن، بەڵام چونکە ئێمە داوای خواردنی حەڵاڵمان کردبوو، کاتی پێویستە بۆ ئامادەکردنی».

### کەشوهەوای ئەبخازیا خۆش و ئارامە

سەرهەنگی گۆڵپارێز، گوتیشی «کەش و هەوای ئەبخازیا زۆر خۆشەو ئارامە، ئێمە لێرە زۆر ئاسوودەین، بۆ من و چەند یاریزانێکی یانەی هەولێر شتێکی تازە نییە، چونکە ئەم وڵاتە هاوشێوەی تاجیکستان و تورکمانستان و ئەو وڵاتانەیە و ئێمەش لە جامی یەکێتی ئاسیا ئەو وڵاتانەمان بینیوە».

### 2 یاریزان تووشی سووتانەوەی پێست بوون

سەرهەنگ، باسی ئەوەش بۆ (رووداوی وەرزشی) کرد کە تاکە کێشەی ئەوان لەوێ تەنیا چیمەنی یاریگەکەیە، کە چیمەنی دەستکردەو گوتی «دوو لە یاریزانەکانمان، فەرحان شکور و کامەران عەلی تووشی سووتانەوەی پێست بوون و بریندابوون لە کاتی یارییەکە، بۆ منیش ناخۆش بوو، چونکە کە تۆپ بەر زەوی دەکەوت خێرایییەکەی دەبووە دوو هێندە».

### فەرهەنگ پێشکەشی پێشمەرگەی دەکات

فەرهەنگ وریا، خاوەنی یەکەم گۆڵی هەڵبژاردەی کوردستان لەم پاڵەوانیەتییەدا بۆ رووداوی وەرزشی قسەی کرد و باسی لە تەکتیک و شێوازی یاری یەکەمی هەڵبژاردەکەی کرو گوتی «لە گێمی دووەمدا بەرامبەرەکەمان خوێندەوەو دوو گۆڵمان کرد». هەروەها گوتیشی «ئێمە لە گێمی یەکەم ئاستمان بەو شێوەیە نەبوو، چونکە سەرەتای پاڵەوانیەتییەکە بوو ئەوەش لە هەموو پاڵەوانیەتییەکەدا ماوەیەکی دەوێ تاوەکو لەیەکتێبگەین، بەڵام لە گێمی دووەم تیپی بەرامبەرمان خوێندەوەو چووینە نێو کەشوهەوای یارییەکەوە».

فەرهەنگ لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداوی وەرزشی)، گوتی «تاکە هۆکار کە ئێمە لە یاری یەکەمدا نەمانتوانی ئاستی راستەقینەی خۆمان پێشکەش بکەین ئەوەبوو کە یاریزانەکانی تیپی بەرامبەرمان نەدەناسی و نەماندەزانی شێوازی یاریکردنی هەڵبژاردەی بەرامبەرمان چۆنە، شارەزای یاریگەو کەشوهەوای پاڵەوانیەتییەکە نەبووین، بەڵام لە نیوەی دووەمدا دوو گۆڵمان کردو ئەم سەرکەوتنەو گۆڵەکەی خۆشم پێشکەش بە سەرجەم خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەم».

### میران گریا

میران خەسرۆی ناوەڕاستکاری هەڵبژاردەی کوردستان باس لەو ساتە دەکات کە لە کاتی ئاهەنگی کردنەوەی پاڵەوانیەتییەکەدا چوونەتە نێو یاریگە و ئاڵایەکی گەورەی کوردستانی بەدەستەوە بووەو قورگی پڕ گریان بووەو گوتی «لە هەموو پاڵەوانیەتییەکدا یاری یەکەم یارییەکی ئەستەمە، بەتایبەتیش بۆ ئێمە کە هەڵبژاردەیەکی جێگریمان نییە، بەڵام توانیمان لە یارییەکەدا ئاستێکی بەرز پێشکەشبکەین و بەرامبەر یەکێک لە هەڵبژاردەی هەرە بەهێزەکانی پاڵەوانیەتییەکە سەرکەوتن بەدەستبهێنین». هەروەها گوتی «من بەشدارییەکی زۆرم لە پاڵەوانیەتییەکاندا کردووە، جیاوازی ئەم پاڵەوانیەتییە بە پلە یەک لە ئاهەنگی کردنەوەی پاڵەوانیەتییەکەدابوو کە زۆر سەرنجی راکێشام و دەتوانم بڵێم ئەوە دووەمجارە ژمارەیەکی زۆری هاندەر ئامادەی کردنەوەی پاڵەوانیەتییەکە ببێت». میران گوتیشی «لە خۆشیان قورگم پڕ گریان بوو کاتێک لە ئاهەنگی کردنەوەی پاڵەوانیەتییەکە بە ئاڵایەکی گەورەی کوردستان بە هەرچوار دەوری یاریگەکەدا سووڕامەوەو هاندەرێکی زۆریش ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. زۆر دڵخۆشبووم کاتێک هاندەرێکی زۆر لەنێو یاریگەدا کوردستانیان دەناسی و بەناوی کوردستان بانگیان دەکردین و پێشوازییەکی گەورەیان لێکردین».

### ئەمڕۆ لە جامی کۆنیفادا ڕووبەڕووی کۆریای یەکگرتوو دەبێتەوە..

# هەڵبژاردەی کوردستان لە قۆناخی داهاتوودا ئەرکی قورسە

ئەرسەلان عەبدوڵڵا
تایبەت بە رووداوی وەرزشی

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان، دوای سەرکەوتنی لە یاری کردنەوەی پاڵەوانیەتی کۆنیفا بەسەر هەڵبژاردەی سیزیکلاند، ئەمڕۆ سێشەممە 2016/5/31 بەرامبەر کۆریای یەکگرتوو یاریدەکات و لە گەیشتنی بە قۆناخی داهاتوشدا ئەرکی قورس دەبێت، دوو ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەکەش پێیانوایە تیپەکە چانسی هەیە بەوەی باشترین یاریزانانی کوردستانی لێکۆبووەتەوە.

### سەرەتایەکی بەهێز

هەڵبژاردەی کوردستان لە دووەم پاڵەوانیەتیی کۆنیفادا، سەرەتایەکی باشی هەبوو، دوای تۆمارکردنی سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر هەڵبژاردەی هەرێمی سیزیکلاند بە 3 گۆڵی بێبەرامبەر لە یاری یەکەم و کردنەوەی پاڵەوانیەتییەکەدا.

یارییەکە ئێوارەی یەکشەممە کراو گۆڵەکانی کوردستان فەرهەنگ وریا، فەرحان شوکر و هونەر ئەحمەد تۆماریانکرد.

تیپی کوردستان ئەمڕۆ لە ڕکابەرییەکانی کۆمەڵەی دووەمدا، دووەم یاری خۆی ئەنجامدەدات و ڕووبەڕووی کۆریای یەکگرتوو دەبێتەوە، کە یارییەکە کاژێر 3ی دوای نیوەڕۆ بە کاتی باشووری کوردستان دەکرێت.

خەسرەو گۆرون، ڕاهێنەری کوردستان پێشتر بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاندبوو، کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر تیپی کۆریای یەکگرتوو نییە.

دوای سەرکەوتنی یەکەمیش لە پاڵەوانیەتییەکەدا، گۆرون گوتی «سەرکەوتنەکە گرنگ بوو، بەڵام هەندێک کەموکوڕیمان لە هێڵی بەرگریدا هەیەو هەوڵدەدەین بۆ یارییەکانی داهاتوو چارەسەری بکەین».

کوردستان دووەمجارە بەشداری جامی کۆنیفا دەکات و جاری یەکەم لە 2014 لە سوید بەشدارییکردو پلەی شەشەمی پێبڕا.

لە پاڵەوانیەتی ئەمجارەدا، پێکهاتەی کوردستان زۆر تۆکمەیەو چاودێرانی وەرزشی پێیانوایە تیپەکە هێزی ئەوەی هەیە نازناوەکە بباتەوە.

### قۆناخی داهاتوو قورس دەبێت

بەپێی سیستم و تیروپشکی پاڵەوانیەتییەکە، لە قۆناخی داهاتوودا، کە قۆناخی هەشتە، کوردستان بەرامبەر یەکێک لە تیپەکانی کۆمەڵەی سێیەم یاریدەکات، کە ئەوانیش پێکهاتوون لە قوبرسی باکوور، پادانیا و ریتیا.

تیپی کوردستان مێژووی لەگەڵ دوو لەو هەڵبژاردانەی کۆمەڵەی سێیەمدا هەیە، پێشتر دووجار لە پاڵەوانیەتییەکانی جامی جیهانیی ڤیڤادا، لە دوو یاری کۆتاییدا لە ئیتاڵیا و ماڵتا، بە پادانیا دۆڕاوە، کە هەرێمێکە لە ئیتاڵیا و بەهێزترین تیپی پاڵەوانیەتییەکانی رابردوو بووە، هەروەها لەگەڵ قوبرسی باکوور لە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیی 2012دا بە زەحمەت 2 ـ 1 سەرکەوتنی تۆمارکرد، کە پاڵەوانیەتییەکە لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، ئەوکاتەی کوردستان نازناوەکەی بردەوە.

هاوکات بەپێی ڕێنماییەکانی پاڵەوانیەتی کۆنیفا، لە قۆناخی داهاتوودا، کە هەر تیپێک بە یەک دۆڕان ماڵئاواییدەکات، دوو گێمی زیادکراو بۆ یارییەکان زیاد ناکرێت و لە کاتی یەکسانبوونی یارییەکاندا لە کاتی ئاساییدا، ڕاستەوخۆ پەنا دەبردرێتە بەر لێدانە یەکلاکەرەوەکان.

### هەڵبژاردەی ئەمساڵ بەهێزترینە

عەبدوڵڵا مەحمود، ڕاهێنەری ناسراوی کوردستان، کە پێشتر لە دوو قۆناخی جیاوازدا مەشقی هەڵبژاردەی کوردستانی لەئەستۆ بووە، سەبارەت بە هەڵبژاردەی ئەم وەرزە بۆ (رووداوی وەرزشی) بۆچوونی خۆی دەربڕی «هەڵبژاردەی ئەم وەرزەی کوردستان باشترین پێکهاتەی هەیە لە مێژووی بەشدارییەکانی تیپەکەدا، چونکە سەرجەم یاریزانانی کورد، ئەوانەی لە خولی عێراقدا بەشداری دەکەن، لە پێکهاتەکەدان، بۆیە دەتوانم بڵێم یەکێک لە بەهێزترین تیپەکانی پاڵەوانیەتییەکەیەو چانسی ئەوەی هەیە نازناوەکە بباتەوە».

ئەو ڕاهێنەرە، کە لە 2012 جامی جیهانیی ڤیڤای بۆ کوردستان بەدەستهێنا، هیوای ئەوەش دەخوازێت کوردستان ببێتە پاڵەوانی کۆنیفا.

لە لایەکی دیکە سلێمان ڕەمەزان، کە ئەویش لە پێشتردا وەک ڕاهێنەر و یاریدەدەریش لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستاندا کاریکردووە، بۆ (رووداوی وەرزشی) گوتی «هەڵبژاردەی ئەمجارەی کوردستان چانسێکی باشی هەیەو چەند هۆکارێکی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە پاڵەوان، لەوانە باشترین یاریزانانی کوردستان لە پێکهاتەکەدان، بەتایبەتی یاریزانانی خولی عێراق، هەروەها پەیوەندیکردنی یاریزانەکان بە تیپەکە لە کاتێکی باشدابوو، چونکە هیچ تیپێکی کوردستان لە خولی عێراقدا نەمابوو لەو کاتدا».

سلێمان ڕەمەزان، کە نازناوێکی لەگەڵ کوردستان لە فەرەنسا بەدەستهێناوە لە پاڵەوانیەتییەکی دۆستانەدا، باس لە هۆکاری دیکەی یارمەتیدەری تیپەکە دەکات و دەڵێت «یاریزانەکان ئەمساڵ بە دڵی خۆیان و بە ئاسوودەیی پەیوەندییان بە هەڵبژاردەکەوە کردووە، پێشتر بەهۆی خولی عێراق و ڕێگریی یانەکانیان نەیاندەتوانی بە ئاسانی پەیوەندی بکەن و یاری بکەن، بەڵام ئێستا ئاسوودەن».

بەڵام ئەم ڕاهێنەرە ئاماژە بە خاڵێکی نێگەتیڤی تیپەکەش دەکات و دەڵێت «یاری دۆستانەی بەپێی پێویستیان نەکرد و لەگەڵ تیپی بەهێز یارییان نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دوای بردنەوەی یاری یەکەم لە پاڵەوانیەتییەکەدا، پێویستە ڕاهێنەر لەسەر پێکهاتەکەی جێگیر بێت و گۆڕانکاریی زۆر نەکات، بۆ ئەوەی بە پلان و سیستمێکی دیاریکراو یاری بکات».

هەڵبژاردەی کوردستان، کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە پاڵەوانیەتی هەرێمەکاندا لەوەتەی ساڵی 2008ەوە بەشداری دەکات، لە 2012 میوانداری پاڵەوانیەتییەکەی کردو نازناوەکەی بردەوە، هەروەها دووجاریش لە یاری کۆتاییدا دۆڕاوەو پلەی دووەمی بەرکەوتووە، ئەمە جگە لەوەی لە پاڵەوانیەتییەکی دیکەشدا لە فەرەنسا، نازناوەکەی بەدەستهێناوە.



**عەبدوڵڵا مەحموود:** پێکهاتەی ئەمساڵ بەهێزترینە

### پێیانوایە سیناریۆیەکە پێشوەختە داڕێژراوە..

# کۆییەکان لە مافی خۆیان خۆش نابن

**یاریزانێکی کۆیە:** پۆلیس بە لولەی تفەنگ ئێمەیان ترساند

**سەلام حوسێن:** شەڕەکە هیچ پەیوەندی بە یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە نەبووە

کارزان کانەبی
رووداوی وەرزشی ـ کۆیە

یاریزانێکی یانەی کۆیە بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «هەر لە سەرەتاوە بەرنامە بۆ ئەوە داڕێژرابوو کە ئێمە دەربکرێین». سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە.

لە دواین یاری کۆتایی هاتنی وەرزی ئەمساڵی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لەنێوان هەردوو یانەی کۆیەو گازی باکوور، لەسەر یاریگەی یانەی هەندرێن لە هەولێر، شەڕ لەنێوان ژمارەیەک لە یاریزانانی یانەی کۆیەو پۆلیسی نێو یاریگە ڕوویدا، دوای ئەوەی یارییەکە بە یەکسانی هەردوولا بە بێ گۆڵ کۆتاییهات و یانەی گازی باکوور سەرکەوت.

کارگێڕان و یاریزانانی یانەی کۆیە خۆیان بەستەملێکراو دەزانن و دەڵێن لە مافی خۆمان خۆش نابین و سکاڵا لەسەر پیاوانی پۆلیس تۆمار دەکەین. کە پێیانوایە ئەمە سیناریۆیەکی داڕێژراو بووە بۆ ئەوەی نەگەنە خولی یانە نایابەکانی کوردستان.

کارزان ئەحمەد، یاریزانی یانەی کۆیە، بە سەرسوڕمانەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «یەکەمجارە ببینم پیاوانی پۆلیس بێنە نێو یاریگە. ئەوان بە لولەی تفەنگەکانیان ئێمەیان ترساند، هەر لە سەرەتاوە زانیمان ئەوان نیەتی ئەوەیان هەیە گازی باکوور سەربێخن، غەدرێکی گەورەیان لە یانەی کۆیە کرد، لە یارییەکەدا هەستمان دەکرد یانەیەکی سلێمانی سەرکەوتووەو دەبێت یانەیەکی ئێرەش سەربکەوێت». هەروەها گوتیشی «ئێمە هیچمان نەکردبوو، بە ئاشکرا لە کامیرەکان دەرچووە، دواتر چۆن دەبێت هاندەران بێنە نێو یاریگە، کە زۆر بە توندی لە گۆڵپارێز و چەند یاریزانێکی ئێمەیاندا. بەڵگەمان لەبەردەستە کە بە چەک و شەقیش بەربوونە گیانی چەند یاریزانێکی ئێمە».

ئاکۆ جیهاد، سەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی کۆیەش لە بارەی کێشەکە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە وەکو یانەی کۆیە سکاڵامان لە دادگا لەسەر پیاوانی پۆلیس تۆمارکردووە. قایمقامی کۆیەش کە خۆی لەناو ڕووداوەکە بووە، لەگەل پارێزگاری هەولێر و وەزیری ڕۆشنبیری قسەی کردووە بۆ ئەوەی چیدی ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە».

ئەو بەرپرسەی یانەی کۆیە، گوتیشی «ئێمە کێشەمان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان نییە، تەنیا لەگەڵ پۆلیسەکانە، هەموویان بە یەک ئیعاز کاریان دەکرد، بەشێوەیەکی دڕندانە لە یاریزانەکەی ئێمەیان داوە، ڕاپۆرتی پزشیکمان هەیەو بە ڤیدیۆ هەموو ئەوانەمان هەیە، ئەم پۆلیسانە تەنانەت بە ئێمەیان گوتووە ئەگەر نەکەشێنەوە تەقەتان لێدەکەین، قسەی نەشیاوی زۆر ناشرینیان بە ئێمە داوە».

سەلام حوسێن، سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت» پیاوانی پۆلیس پاسەوانی یاریگە بوونە، ئێمە بە فەرمی نووسراومان کردووە بۆ ئەوەی پۆلیسمان بۆ بنێرن، هیچ هاندەرێکیش نەهاتووەتە ناو یاریگە، ئەوانە دەستەی کارگێڕی هەریەک لە یانەکانی کۆیە و گازی باکوور و هەندرێن بووە، جگە لە هاتنی یاریزانانی یانەی هەندرێن و ڕۆژنامەنووسانیش بۆ ناو یاریگە. بۆیە هیچ گرفتێک نەبووە تەنیا ئەوە نەبێت کە شەڕ لەنێوان ژمارەیەک لە یاریزانی کۆیە و پۆلیسی نێو یاریگە دروست بووە، لە ڕووی هونەرییەوە هیچ گرفتێک نەبووە».



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (402) سێشەممە 2016/5/31



### حەزدەکات

سـیزاری کوتشارسـکی بەڕێوەبەری کارەکانی ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسـکی هێرشبەری پۆڵەندی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، جارێکی دیکە پرسی گواستنەوەی ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی هێنایەوە ئاراوە، کاتێک رایگەیاند کە لیڤاندۆڤسکی حەزدەکات بچێتە ریزەکانی یانەی شاهانەی ئیسپانی و گوتی «ریال مەدرید پەیوەندی پێمانەوە کردووە و ئێمە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین لە داواکارییەکەی ئەو یانەیە و ئیدارەی بایرن میونشنیشمان ئاگادار کردووەتەوە. لە راستیدا لیڤاندۆڤسکیش حەزدەکات یاری بۆ ریال مەدرید بکات».

# هەموو شتێک لەبارەی کۆپا ئەمریکای 2016

## «پاڵەوانیەتی ئەمجارە ساردوسڕ و کەم ئەستێرەتر دەبێت»

**ئا: سەفین تەها**

بەرەبەیانــی ڕۆژی 2016/6/4، پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا بە بەرگێکی جیاواز و ڕێککەوتێکی ناوەختەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستپێدەکات، ئــەم پاڵەوانیەتییــە نــاوی لێنراوە «کۆپــا ئەمریکا سـێنتێناریۆ» کە بە واتای پاڵەوانیەتی 10 ساڵەی ئەمریـکا دێـت و یەکـەم یـاری لـە نێوان هــەردوو هەڵبــژاردەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا و کۆلۆمبیادا دەبێت.

### بۆچی لە دوای ساڵێک جارێکی دیکە کۆپا ئەمریکا؟

دوای ئــەوەی ســاڵی رابــردوو پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریــکا لــە وڵاتــی چیلــی بەڕێوەچوو کــە تیایدا هەڵبــژاردەی چیلــی لــە هەڵبــژاردەی ئەرجەنتینی بردەوە، بەپێی یاساکانی فیدراسیۆنی کۆنمیبۆڵ کە پاڵەوانیەتییــە ئەمریکییە لاتینییەکان بەڕێوەدەبات، دەبێ 4 ساڵ جارێک ئەم پاڵەوانیەتییە بەڕێوەبچێ، بــەڵام بەهۆی ئەوەی ئەمســاڵ یادی ســەد ســاڵەی پاڵەوانیەتــی کۆپــا ئەمریکایە و ســاڵی 1916 بوو کە یەکــەم پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا لە ئەرجەنتین بەڕێوەچــوو کە هەڵبــژاردەی ئۆرۆگــوای جامەکەی بەدەستهێنا.

ئەمــە ئەو هۆکارە بوو کــە کۆنمیبۆڵ بڕیار بدەن پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا ئەمجارە لە دوای ســاڵێک بێت و وەک ئاهەنگێکیش بێت بۆ یادی 100 ساڵەی پاڵەوانیەتییەکە و بۆ یەکەمجاریشە کۆپا ئەمریکا لە دەرەوەی کیشــوەری لاتین بەڕێوەبچێ و یاریگەکانی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا بــاوەش بــۆ رکابەرییەکانی دەکاتەوە.

### بۆچی ئەمریکا بە میواندار هەڵبژێردرا؟

مانگی شــوباتی ســاڵی 2012 بوو، کە ئەلفرێدۆ هاویتــی ســەرۆکی کۆنــکاکاف رایگەیاند لە ســاڵی 2016دا پاڵەوانیەتییەکی کۆپا ئەمریکا بەڕێوەدەچێ، راشــیگەیاند پاڵەوانیەتــی ئەمجــارە دەبــێ وەک ئاهەنگێکی تایبەت لێی بڕواندرێ و بە گرنگی زۆری لە رووی ئامادەکارییەوە پێبدرێ، بۆ ئەمەش بڕیاریانداوە کــە پاڵەوانیەتییەکــە ببەنــە دەرەوەی کیشــوەری لاتین، لە ســەروبەندی ئەمەدا وڵاتەکانی مەکسیک و ئەمریکا ئامادەییان بۆ باوەشکردنەوە بۆ یارییەکانی پاڵەوانیەتییەکە دەربڕی، دواتر بڕیارياندا کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک میواندار هەڵبژێرن و بۆ ئەمەش هۆکاری تایبەت هەبوون:

1 ـ بەهــۆی ئــەوەی یاریگەکانــی ویلایەتــە یەکگرتووەکان زیاتر ئامادەبوون.

2 ـ بەهــۆی ئەوەی یەکــەم پاڵەوانیەتییە کە لە دەرەوەی کیشوەری لاتین دەکرێ، پێویستە وڵاتێک هەڵبژێــرن کە خەڵکەکەی لە رووی ســایکۆلۆژییەوە باش بن، لەمەشدا ئەمریکا باڵادەستی هەبوو.

3 ـ لــە رووی دارایــی بازاڕکردنــەوە بارووددۆخی ئەمریکا لە مەکسیک باشتر بوو.

### یارگەکانی ئەمریکا

بــۆ پاڵەوانیەتی ئەمجارە ئەمریــکا 24 یاریگەی بەربژێــر کــرد کە لــە کۆتاییدا بڕیاریان لەســەر 10 یاریگەدا و کە ئەو یاریگەیانە خۆشترین مەیدانەکانی ئەمریکان، کە یارییە وەرزشییەکانی وەک تۆپی پێی ئەمریکی و بەیسبۆڵ و تۆپی پێی تێدا بەڕێوەدەچێ، هەر یاریگەیەک لە شارێکە و زۆربەی شارەکانیش لە ولایەتی کالیفۆرنیان.

ئەمــە ســێ گرنگتریــن یاریگەکانــی ئــەم پاڵەوانیەتییەن:

1 ـ یاریگــەی رۆس بــۆوڵ لە ناوچەی پاســادێنا لە شاری لۆس ئەنجلێسی ویلایەتی کالیفۆرنیا، ئەمە گەورەتریــن یاریگەیە کە میوانداری پاڵەوانیەتییەکە دەکات و کورسی یاریگەکە 92 هەزار و 542 دانەیە.

2 ـ یاریگــەی لیڤی کە دەکەوێتە شــاری ســانتا کلارای ویلایەتی کالیفۆرنیا و ژمارەی کورسییەکانی 68 هــەزار کورســییە. یــاری یەکــەم و کردنــەوەی پاڵەوانیەتییەکــە لەنێــوان هەڵبــژاردەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا و کۆلۆمبیــای لەســەر ئەنجامدەدرێ.

3 ـ یاری کۆتایی پاڵەوانیەتییەکەش لە یاریگەی مێت لایــف لە نیویــۆرک بەڕێوەدەچێ، کــە دووەم گەورەتریــن یاریگەی ئەمریکایــە و 82.566 هاندەر دەگرێ.

### پاڵەوانیەتییەکــی ساردوســڕ و بێ ئەستێرە!

وەک چۆن بڵێی شــتێک کە زۆر بوو بۆر دەبێت، جیاوازییەکــی زۆر لەنێــوان ئــەم پاڵەوانیەتییــە و ئەوەی ســاڵی رابردوودا هەیە، ئــەوەی پار هەمووان 4 ســاڵ بوو چاوەڕێی بوون و وەک پاڵەوانیەتییەکی گــەورە و کیشــوەری لێیــان دەڕوانــی، بــەڵام ئەمســاڵ ساردوســڕییەکی زۆر بە رووخســاری ئەم پاڵەوانیەتییەوە دیــارە ئەمەش هۆکارگەلێکی زۆری لــە دواوەیە، گرنگترین هۆکارەکانیــش لەم خاڵانەدا کۆدەکەینەوە:

1 ـ بەڕێوەچوونــی ئــەم پاڵەوانیەتییە لە هەمان کاتی پاڵەوانیەتی یۆرۆی 2016 کە زۆربەی چاوەکان دەڕفێنێ.

2 ـ ئــەم پاڵەوانیەتییــە دوو مانــگ بــەر لــە دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆلۆمپیاد دەکرێ، زۆربەی ئەســتێرەکانی وەک نەیمار دا ســیلڤا و پاولۆ دیبالا لەگەڵ لە هەڵبژاردەکانیان بەشــداری لە ئۆلۆمپیاددا دەکەن.

3 ـ ژمــارەی هەڵبــژاردەکان ئەمجــارە بــۆ 16 هەڵبژاردە بەرزکراوەتەوە، ئەمەش ماوە بە هەڵبژاردە ئاســت مامناوەنــدەکان دەدات کــە بەشــداربن لــە پاڵەوانیەتییەکەدا.

4 ـ پێکانی ئەستێرەکانی وەک لویس سوارێز کە پێناچێ بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکەدا بکات و لیۆنێل مێسیش بەهەمان هۆکار رەنگە یاوەری هەڵبژاردەکەی نەکات لە سەرەتای پاڵەوانیەتییەکەوە.

5 ـ دابەزینی ئاستی ئەستێرەکانی هەڵبژاردەکانی دیکەی وەک چیلی، کۆلۆمبیا، ئۆرۆگوای و ئیکوادۆر، لەگەڵ دوورخســتنەوەی چەنــد یاریزانێکی بەتوانای وەک رادامێــل فالــکاو لە کۆلۆمبیــا و نەمانی ناوی دییێگۆ فۆرلان لە ئۆرۆگوای.

6 ـ براوەی ئەم پاڵەوانیەتییە راستەوخۆ بەشداری لە پاڵەوانیەتی جامی کیشــوەرەکان ناکات، چونکە ســاڵی رابردوو چیلی بووە پاڵــەوان و مافی ئەوەی بەشــداری بکات، ئەمەش تا رادەیەک دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ململانێی نێوان هەڵبژاردەکان.

7 ـ بــەو پێیەی کە زۆربەی دانیشــتوانی جیهان وا راهاتــوون یارییــەکان بە کاتی ئەورووپا ببینن، کە زۆربەی جار دەکەوێتە شــەو و نیوەشــەوەوە، بەڵام یارییەکانی ئەمجارەی کۆپا بەو پێیەی لە ئەمریکایە زۆربەی کات دەکەوێتە بەرەبەیانەوە، ئەمەش ژمارەی بینەرانــی ئەم پاڵەوانیەتییە کــەم دەکاتەوە، بینەر 4 ســاڵ جارێــک دەکرێ بە دیــاری یارییەکانەوە تا بەرەبەیان دابنیشێ، بەڵام نەک دوو ساڵ لەسەریەک.

### بۆ یەکەمجار 16 هەڵبژاردە بەشداری دەکەن

ئەمــە جــاری یەکەمــە ژمــارەی هەڵبــژاردە بەشــداربووەکانی ئــەم پاڵەوانیەتییــە بگاتــە 16 هەڵبژاردە، ئەمەش بەهۆی ئــەوەی 10 هەڵبژاردەی فیدراسیۆنی کۆنمیبۆڵ بەشداری راستەوخۆیان دەبێت و 6 هەڵبــژاردەی دیکــەش لە ئەمریــکای باکوورەوە بەشدارن.

ئــەو 10 هەڵبژاردەیــە بریتیــن لــە (چیلــی، ئەرجەنتین، ئۆرۆگوای، بەرازیل، ڤەنزویلا، کۆلۆمبیا، پیرۆ، بۆلیڤیا، پاراگوای و ئیکوادۆر).

6 هەڵبــژاردەی دیکــەش بەشــداری تێدادەکەن: (ئەمریــکا وەک میوانــدار، مەکســیک راســتەوخۆ سەرکەوتووە، کۆستاریکا وەک پاڵەوانی کۆپا سێنتێر ئەمریــکای 2014، جامایــکا وەک پاڵەوانــی جامی کاریبی 2014، هایتی بە پاڵاوتن گەیشــتووەتە ئەم پاڵەوانیەتییە و پەنەماش بەهەمانشــێوە بە پاڵاوتن گەیشتووەتە ئەم پاڵەوانیەتییە).

### ئاهەنگی کردنەوەکەی چۆن دەبێ؟

یاریگەی لیڤی لە شــاری ســانتا کلارای ویلایەتی کالیفۆرنیــا بەرەبەیانی رۆژی شــەممە 2016/6/4، کاژێــر 3، ئاهەنگەکــە بــە ئامادەبوونــی چەنــد کەســایەتییەکی دیاری جیهان لەخۆدەگرێ، سەرەتا بــە چەند گۆرانییەکی خۆســێ پالڤنــی گۆرانیبێژی کۆلۆمبــی دەســت بــە ئاهەنگەکــە دەکــرێ، دواتر جەیسۆن دیرۆلۆی گۆرانیبێژی ئەمریکی بە هاوکاری تیپــی مۆســیقای ماجیکــی کەنــەدی ئاهەنگەکــە درێژەپێدەدەن.

### جامەکە

جامەکــەی کۆپا ئەمریــکا لە زیو دروســتکراوەو لەســەر پێگەیەکی لەداردروســتکراو دانراوە. ســاڵی 1917 لە فرۆشگایەکی زێڕ و زیو لە بۆینس ئایرسی پایتەختــی ئەرجەنتیــن کــڕاوە. درێژییەکــەی 75 سانتیمەترە و بەرزییەکەیشی 30 سانتیمەترەو کێشی 9 کیلۆگرامــە. ئەو کاتەی کــڕاوە نرخەکەی تەنیا 3 هەزرا فرەنک بووە.

### مێژوو و زانیاری

* یەکــەم پاڵەوانیەتــی لــە ســاڵی 1916 لــە ئەرجەنتیــن ئەنجامــدرا، بــە بەشــداری تەنیــا 4 هەڵبــژاردە، کە بریتی بوون لە ئەرجەنتین، بەرازیل، ئۆرۆگوای و چیلی.

* هەڵبژاردەی ئۆرۆگــوای زۆرترین نازناوی کۆپا ئەمریکای بردووەتەوە، کە بریتییە لە 15 نازناو. دوای ئەویش ئەرجەنتین بــە 14 نازناو و بەرازیلیش بە 8 نازناو.

* تەنیــا هەڵبــژاردەی ئەرجەنتین توانیویەتی 3 جار بەســەریەکەوە نازناوەکەی بباتەوە، لە ســاڵانی 1945 و 1946 و 1947.

* گەورەترین ئەنجامی یارییەک لە ســاڵی 1942 بــوو، کــە هەڵبــژاردەی ئەرجەنتیــن بــە 12 گۆڵی بێبەرامبەر لە هەڵبژاردەی ئیکوادۆری بردەوە.

* هــەردوو هێرشــبەر، نۆربێــردۆ میندێــزی ئەرجەنتینــی و زیزینهــۆی بەرازیلی بە هاوبەشــی و بــە تۆمارکردنی 17 گــۆڵ، گۆڵــکاری مێژوویی ئەو پاڵەوانیەتییەن.

* زۆرتریــن گــۆڵاً لــە پاڵەوانیەتــی ســاڵی 2007 تۆمارکــراوە، کــە لــە ڤەنزویلا ئەنجامــدراو هەڵبژاردەی بەرازیل نازناوەکەی بردەوەو رۆبینیۆی ئەستێرەی بەرازیلیش بە تۆمارکردنی 6 گۆڵ نازناوی گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکەی بردەوە.

* هەریــەک لە یاریزانان، جایر رۆســای بەرازیلی و هۆمبێرتۆی ماشــیۆی ئەرجەنتینی و خافێر ئیمبرۆیســی ئۆرۆگوانی، زۆرترین گۆڵیان لە یەک پاڵەوانیەتیدا تۆمارکردووە، کە 9 گۆڵاً بووە.


* ئیڤاریستۆی یاریزانی بەرازیلی، لە یەک یاریدا 5 گۆڵی تۆمارکرد. ئەویش لە یاری بەرازیل و کۆلۆمبیا بوو لە ســاڵی 1957، کە لەو یارییەدا بەرازیل بە 9 گۆڵی بێبەرامبەر براوە بوو.

* ســێرجیۆ لیڤنگســتۆنی گۆڵپارێــزی چیلــی بەشــداری لە 6 پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکادا کردووەو 34 یاری ئەنجامداوە، کە زۆرترین یارییە یاریزانێک لەو پاڵەوانیەتییەدا ئەنجامی دابێت.



### یارییەکانی ئەم هەفتەیە

| | |
|---|---|
| شەممە 2016/06/4 | |
| ئەمریکا ـ کۆلۆمبیا | AM 04:30 |
| یەکشەممە 2016/06/5 | |
| کۆستاریکا ـ پاراگوای | 12:00 |
| هایتی ـ پیرۆ | AM 02:30 |
| بەرازیل ـ ئیکوادۆر | AM 05:00 |
| دووشەممە 2016/06/6 | |
| جامایکا ـ ڤەنزویلا | 12:00 |
| مەکسیک ـ ئۆرۆگوای | AM 03:00 |
| سێشەممە 2016/06/7 | |
| پەنەما ـ بۆلیڤیا | AM 02:00 |
| ئەرجەنتین ـ چیلی | AM 05:00 |







ڕووداو وەرزشی
ژمارە (402) سێشەممە 2016/5/31

# خشتەی یارییەکانی (یۆرۆی 2016)

EURO2016 FRANCE

## گرووپەکان:

**A:**
- فەرەنسا
- ڕۆمانیا
- ئەلبانیا
- سویسرا

**B:**
- ئینگلتەرا
- ڕووسیا
- وێڵز
- سلۆڤاکیا

**C:**
- ئەڵمانیا
- ئۆکرانیا
- پۆڵەندا
- ئێرلەندای باکوور

**D:**
- ئیسپانیا
- چیک
- تورکیا
- کرواتیا

**E:**
- بەلجیکا
- ئیتاڵیا
- ئێرلەندا
- سوێد

**F:**
- پورتوگال
- ئایسلاند
- نەمسا
- هەنگاریا

## (قۆناخی کۆمەڵەکان)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/06/10** | |
| فەرەنسا - ڕۆمانیا | 10:00 |
| **شەممە 2016/06/11** | |
| ئەلبانیا - سویسرا | 04:00 |
| وێڵز - سلۆڤاکیا | 07:00 |
| ئینگلتەرا - ڕووسیا | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/06/12** | |
| تورکیا - کرواتیا | 04:00 |
| پۆڵەندا - ئێرلەندای باکوور | 07:00 |
| ئەڵمانیا - ئۆکرانیا | 10:00 |
| **دووشەممە 2016/06/13** | |
| ئیسپانیا - چیک | 04:00 |
| ئێرلەندا - سوێد | 07:00 |
| بەلجیکا - ئیتاڵیا | 10:00 |
| **سێشەممە 2016/06/14** | |
| نەمسا - هەنگاریا | 07:00 |
| پورتوگال - ئایسلاند | 10:00 |
| **چوارشەممە 2016/06/15** | |
| ڕووسیا - سلۆڤاکیا | 04:00 |
| ڕۆمانیا - سویسرا | 07:00 |
| فەرەنسا - ئەلبانیا | 10:00 |
| **پێنجشەممە 2016/06/16** | |
| ئینگلتەرا - وێڵز | 04:00 |
| ئۆکرانیا - ئێرلەندای باکوور | 07:00 |
| ئەڵمانیا - پۆڵەندا | 10:00 |
| **هەینی 2016/06/17** | |
| ئیتاڵیا - سوێد | 04:00 |
| چیک - کرواتیا | 07:00 |
| ئیسپانیا - تورکیا | 10:00 |
| **شەممە 2016/06/18** | |
| بەلجیکا - ئێرلەندا | 04:00 |
| ئایسلاند - هەنگاریا | 07:00 |
| پورتوگال - نەمسا | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/06/19** | |
| ڕۆمانیا - ئەلبانیا | 10:00 |
| سویسرا - فەرەنسا | 10:00 |
| **دووشەممە 2016/06/20** | |
| سلۆڤاکیا - ئینگلتەرا | 10:00 |
| ڕووسیا - وێڵز | 10:00 |
| **سێشەممە 2016/06/21** | |
| ئێرلەندای باکوور - ئەڵمانیا | 07:00 |
| ئۆکرانیا - پۆڵەندا | 07:00 |
| چیک - تورکیا | 10:00 |
| کرواتیا - ئیسپانیا | 10:00 |
| **چوارشەممە 2016/06/22** | |
| هەنگاریا - پورتوگال | 07:00 |
| ئایسلاند - نەمسا | 07:00 |
| سوێد - بەلجیکا | 10:00 |
| ئیتاڵیا - ئێرلەندا | 10:00 |

## قۆناخی 16

| | | |
|---|---|---|
| **شەممە 2016/06/25** | | |
| دووەمی گرووپی A - دووەمی گرووپی C | (1) | 04:00 |
| یەکەمی گرووپی B - سێیەمی گرووپی A یان C یان D | (3) | 07:00 |
| یەکەمی گرووپی D - سێیەمی گرووپی B یان Eیان F | (2) | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/06/26** | | |
| یەکەمی گرووپی A - سێیەمی گرووپی C یان D یان E | (7) | 04:00 |
| یەکەمی گرووپی C - سێیەمی گرووپی A یان B یان F | (5) | 07:00 |
| یەکەمی گرووپی F - دووەمی گرووپی E | (4) | 10:00 |
| **دووشەممە 2016/06/27** | | |
| یەکەمی گرووپی E - دووەمی گرووپی D | (6) | 07:00 |
| دووەمی گرووپی B - دووەمی گرووپی F | (8) | 10:00 |

## قۆناخی 8

| | | |
|---|---|---|
| **پێنجشەممە 2016/06/30** | | |
| براوەی یاری ژمارە (1) - براوەی یاری ژمارە (2) | (9) | 10:00 |
| **هەینی 2016/07/1** | | |
| براوەی یاری ژمارە (3) - براوەی یاری ژمارە (4) | (10) | 10:00 |
| **شەممە 2016/07/2** | | |
| براوەی یاری ژمارە (5) - براوەی یاری ژمارە (6) | (11) | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/07/3** | | |
| براوەی یاری ژمارە (7) - براوەی یاری ژمارە (8) | (12) | 10:00 |

## قۆناخی 4

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/07/6** | |
| براوەی یاری ژمارە (9) - براوەی یاری ژمارە (10) | 10:00 |
| **پێنجشەممە 2016/07/7** | |
| براوەی یاری ژمارە (11) - براوەی یاری ژمارە (12) | 10:00 |

## یاری کۆتایی

**یەکشەممە 2016/07/10**

کاژێر 10:00

KOREK

ژماره (402) سێشەممە 2016/5/31



## 25 گۆڵ

یانـەی کروتۆنـی ئیتاڵی، کە لە وەرزی نوێدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بەشـداری لـە خولی یانە پلە یەکەکانی ئیتاڵیادا دەکات، هەوڵدەدات گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی ناسراو بەتوانا بکات، بۆ ئەوەی ئاستێکی باش پێشکەش بکات. یەکێک لەو یاریزانانەش ماریۆ بالۆتێلییە، کە یانەی میلان بڕیاریداوە دەستبەرداری بێت. لەو بارەوە رافاییل ڤیرینای سەرۆکی یانەی کروتۆنی گوتی «یانەکەمان بەوە ناسراوە کە توانای یاریزانەکان زیندوو دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر بالۆتێلی یاریمان بۆ بکات لە وەرزێکدا 25 گۆڵ تۆمار دەکات».



رێبوار محەممەد

## شەرم دەکەن یان دەترسن؟

باسی گرفتی خۆم و هاوکارەکانم دەکەم کاتێک رۆژانی شەممە و یەکشەممە بیر لە میوانەکانی وەرزیـن دەکەینەوە، ئەوە پڕ سەرئێشـەترین کاری ئێمەیە لە وەرزین، هەسـتیارترین قۆناخـی بەرنامەکەشـە، دەزانن بۆ؟ با چیرۆکەکەی بگێڕمەوە.

کاتێـک زیاتـر لە دوو سـاڵ لەمەوبەر وەرزینمـان دەسـتپێکرد، ئێمـەش وەک میدیـای کـوردی دەقگرتـوو بـە شـتە باوەکانەوە (هەرچەندە باوەڕیشمان پێی نەبوو) بەڵام ناچاربووین بۆ قسەکردن لەسـەر یارییەکان و شـیکردنەوە و شرۆڤەکان پەنا بۆ رۆژنامەنووسەکان ببەین، وەلێ ئـەوە کارێکی ناچاری بوو، بەڵام پاش ماوەیەک بڕیارماندا ئـەو تەلیسـمە بشـکێنین و بڕیار بدەیـن نـان بۆ نانەوا و گۆشـت بـۆ قەسـاب بێت، لەسـەر ئەو بنەمایـەش چیـدی ئەوانـەی کاریان رۆژنامەنووسـییە وەک شرۆڤەکار بانگهێشتی بەرنامەی وەرزینمـان نەکـردن، ئەمـە بێگومـان کەمکردنەوە نییە لە توانـا و لێهاتوویی ئەو ئازیزانە، نەخێـر ئـەوە تەنیا بـۆ دانانی کەسـی شـیاو لە شـوێنی شیاو بوو، چونکە رۆژنامەنووسەکان کاریان گەیاندنی هـەواڵ و ئامادەکردنی راپۆرتە لەسەر یارییەکان نەک قسەکردن و شرۆڤە بۆ تەکتیک و ئەنجامەکان.

ئـەوەی لـە دنیـادا شـیکردنەوە بـۆ یارییەکان دەکات، قسـە لەسەر تەکتیک و پلانی راهێنەران و پێکهاتەکان دەکات، یان ئەو کەسانەن لە رووی ئەکادیمییەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا خوێندویانە، یان راهێنەر و یاریزانان، چونکە ئەوان ئەهلی کارەکەن.

ئەم بڕیارە هەر لەسەرەتاوە رووبەڕووی دنیایەک گرفت و کێشەی کردین، لە کۆلێژ و پەیمانگا وەرزشـییەکانی کوردسـتاندا زۆر کەمـن ئەوانـەی دەتوانـن لەسـەر شاشـە قسە لەسەر شـێوازی یاریکردنی یانـە و هەڵبژاردەکان بکەن و تەکتیکیان شیبکەنەوە، تا ئێستا بەداخەوە زۆر کەمن ئەو مامۆستا و وانەبێژانەی کاتێک پەنایان بۆ دەبەیت بۆ قسـەکردن لەسەر بابەتێک بەسـنگی فراوانـەوە بەدەنگتـەوە دێن، زۆرینـە هەریەکە و بـە بیانوویەک خۆی دەدزێتـەوە! بۆ یاریزان و راهێنەرەکانیش هەمان شـتە راستە و سـەیر نییە ئەگەر مامۆسـتایەکی پـەروەدەی وەرزشـی کە پسپۆرییەکەی لە تۆپی پێدایە، پێت بڵێت بەخوا تەماشـای پریمەرلیـگ ناکەم، یان راهێنەرێک بڵێ وەڵا ئاگام لە مۆرینیۆ نییە چۆن ئیش دەکات.

ئەمانە نەک سەیرن بەڵکو کارەساتن. مـن لەگـەڵ هاوکارەکانـم زۆر دەردەڵـم لەسـەر ئەو بابەتە کردووە، پەیوەندیمان بـە زۆر مامۆسـتای وەرزش، یاریـزان و راهێنەرانـەوە کردووە و ئەوان دەسـتیان بەرووماندەوە ناوە، هێشـتاش هەمیشـە بەردەوام ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین، ئەوان بۆچی نایەن؟

هەندێک دەڵێن هەرگیز لە تەلەڤزیۆن قسـەم نەکـردووە، هەندێـک دەڵێن من کۆنترۆڵی تیپەکەی خۆم پێناکرێت ئنجا باسـکردن لـە ریـال مەدریـد، هەندێک بیانـووی سـەیرتر دەهێننـەوە و دەڵێن نامـەوێ دڵی کـەس لە خـۆم بڕەنجێنم وەک ئەوەی باسکردنی یانەکانی ئەورووپا کوشتنی لەسەربێت.

ئاخـر سـەیرە هەمـوو پرسـیار دەکـەن، بۆچی تۆپی پێ لە کوردسـتان پێشـناکەوێت؟ بەچـی پێـش بکەوێت؟ کاتێک تۆ هەنگاو نەنێیت بۆ تێکەڵکردنی ئـەوەی هەتـە لەگـەڵ ئـەوەی خەڵـک هەیەتی، چۆن پێشـدەکەوێت؟ ئەگەر تۆ هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەزموونی راهێنەر و یاریزانە باشەکان نەدەیت، لەکام فێرگە و ئەکادیمیاوە پەرە بەخۆت دەدەیت.

دەمـەوێ لـەو بەڕێزانـە بپرسـم، شـەرمدەکەن یان دەترسن یان دڵنیانین لە زانیارییەکانتان، بۆ وەڵامەکەی خۆتان سـەر پشـک بن. مـن هەفتەی هێشـتا جارێکـی دیکـە لەسـەر هەمـان بابەت دەنووسم.

# گرێبەستی لیبرۆن جەیمس ملیار دۆلارە



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

بەڕێوەبەری کارەکانی لیبرۆن جەیمسی ئەستێرەی بەناوبانگی تۆپی باسکەی ئەمریکی، ئاشـکرایکرد گرێبەستی سپۆنسەریی ئەو یاریزانە بۆ هەتا هەتایی لەگەڵ کۆمپانیای نایکی خۆی لە یەک ملیار دۆلار دەدات.

مافریک کارتەر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤار GQ گوتی «گرێبەستێکی نایابە، گرنگ ئەوەیە نایکی زۆر رازییە». لە وەڵامی پرسیارێکیشدا کە ئایا گۆرانیبێژی راپ، کانی وسـت راسـت دەکات، کە دەڵێت ئەو گرێبەستە نزیکەی یەک ملیار دۆلار قازانجی بۆ جەیمس دەبێت؟! کارتەر پێکەنی، سـەیری ئاسمانی کرد و گوتی «ئەوە گرنگترین گرێبەستی کۆمپانیای نایکییە، بەهیوایین قازانجی زیاتری هەبێت».

لیبـرۆن جەیمس، ئەسـتێرەی ئێسـتای یانـەی کلیفلانـد کافالیێرز و پێشـووی میامـی هیت، لـە کانوونی یەکەمـی رابـردوودا کۆتایی بە گرێبەسـتەکەی لەگـەڵ نایکی هێنا. 4 جار خاوەنی خەڵاتی باشـترین یاریزان و 2 جار هەڵگری نازناوی NBA، بەردەوام گرێبەسـتی لەگەڵ نایکـی هەبووە، بەهای گرێبەسـتی یەکەمی 93 ملیـۆن دۆلار بوو بۆ ماوەی 7 سـاڵ. بە گوێرەی گۆڤاری فۆربسـی تایبەتمەند، جەیمسـی تەمەن 31 ساڵان، لە ریزی شەشەمی جیهانـە، لەنێو ئەو وەرزشـوانانەی زۆرترین داهاتیـان هەیـە. جیمـس ئێسـتا لەگـەڵ تیپەکەی گەیشتووەتە قۆناخی پلەی ئۆفی ناوچەی خۆرهەڵات. تیپەکەی تاوەکو ئێستا 9 بردنەوەی لەدوای یەکی لە قۆناخی پلەی ئۆفی ئێستا تۆمارکردووە.

پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

عەلی زاهیر لە هەریر

بە لێدوانی:

**( چاوم لەسەرتە، دڵم لەلاتە )**

## 4 LOTTO — چل و نۆ یەمین پێشبڕکێ

ژمارە (402) سێشەممە 2016/5/31

شـەش کۆبۆنی یەک بـەدوای یەک، واتا هی شـەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشـی) ت لێکڕیـوە، بـەو جـۆرە لەتیروپشـکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوە خەڵات ببەرەوە






RÛDAW

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە